# پایز هەموو ڕەنگەکان دەسڕێتەوە



هەموو ڕەنگەکان بێ ئاکام

بوون لە ئاست

دڵ ڕەقی پایز

ئای لەم بەفیرۆچوونە هاورێ

چەند لافاوێکی بەهێزە ئەم پایزە

هەرچی گەڵاو گوڵ و دارە

بەرگەی ناگرێ

خۆزگە ئێستا دەتتوانی

بۆ ساتێك

بێیتە دڵی منەوە

تا هەموو ئازارەکانم بخوێنیتەوە

*　　*　　*

ئێستە دەمەوێ بت بینم

هەست بە کۆتایی دەکەم

هەمیشە وەهمی

دوا ساتەکانی هەناسەدان

لەبەرچاومدایە

زۆر دەترسم خەونەکانم وەکو گەڵا

زەرد هەڵگەڕێ

کۆشکەکانی وەهم و

وێرانیەکانی دڵ بەترسەوە لێم دەڕوانن

ئەشێ گۆرانێك لە ئارادا بێت

نازانم ... !

**هەموو شەوێ هەناسەیەکی نامۆ هەڵدەمژم**

**هەموو رەنگەکان توند دەگرم**

**نەك هەڵفرێ**

**زۆر لە پایز دەترسم**

**لە پرێکا بەدەرکەوێ**

**بەدەم چاوەروانی زەنگێکەوە دەنووم**

**جار جارەیەك گوێم لێ دەبێ**

**( خۆشم دەوێی ئەی دۆست )**

**منیش بەهەمان شێوە**

**( خۆشم دەوێی ئەی ناسکتر لە فریشتەو ئاسمان )**

*       *       *

**ئاه ... ئاه**

**ئێستە دەمەوێ بت بینم**

**خۆزگە لە (با) دووباڵم بۆ**

**وێنادەکردی**

**تا بەرەو ئێرە هەڵتگرێ**

**شەوێك دەمەوێ بەدیارتەوە بەیان بکەمەوە**

**بەدەورتدا بسورێمەوەو**

**زیکر بکەم**

**شەمشەمە کوێرەکانی شار**

**دەکەم بە پەناگەو لەگەڵ شادەریایی سپی**

**گۆرانیت بۆ دەچرین**

**سەوزی چاوت بەسە**

**بۆ تۆرانی فریشتەکان لە خوا**

**(ڤان کۆخ) یش رەنگەکان کۆدەکاتەوەو**

**خێرا خێرا بە گەورەیی**

**لەسەر عەرش وێنات دەکا**

***　　*　　***

**ئێستە دەمەوێ بت بێنم**

**بێ ئەوینی تۆ**

**دەستو پەنجە شکاوم**

**ئەوین ئەو رەشەبایەیە**

**کە دەوری دڵدەدا**

**بێ هیچ ئاراستەیەك**

**بێ قیبلە نوما**

**بێ گەیشتن بە ووشکایی**

**ئای چ کەنارێکی چۆڵە بۆ کەشتیەکانی**

**ماچ**

**ئای چ وێرانەیەکی سەر شێتە بۆ شەمەندەفەرەکانی**

**عەشق**

**هەست دەکەم رەنگەکان**

**وردە وردە مەحۆ دەبێتەوە**

**دڵەکان وەك عەشقێکی شێدار**

**ژەنگ هەڵدێنن**

**چاوەکان لە دەست سروشت**

**خەریکە خۆیان**

**کوێردەکەن !!**

**گوێیەکان لە دەستی بیستنی**

**( عەیبە ) , (نابێ) , (شەرمە)**

**خەریکە کەڕ دەبن**

**دەستەکان بێزار بوون**
**لە تەوقەی درۆ**
**پێیەکان بەرەو ڕۆیشتن بۆ**
**کۆڵانەکانی جەنەت**
**ماندوو بوون**
**دڵ لە داخی ئەم تەعبیرە**
**دەیەوێت ڕاوەستێ**
**بۆیە جوانترین مانا**
**مەرگە ...**
**مەرگ ئەو فڵەچەیەیە**
**دوا دڵۆپەی ڕەنگی پێ لەسەر**
**تابلۆکانی ژیان**
**دادەنێین.**

**ئارام ڕەمەزان**
13\11\2004
asalaie@yahoo.com